
**پێویسته بڵێم:**

ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا، وەك بابەتێك، بۆ (**گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی**) هاتبوو ، دەبوایە بە دوو بەش لە گۆڤارەکەدا بڵاوبکرابووایەوە، بەڵام ئێمە تاوەکو ئێستا لە گۆڤارەکەماندا ، وەك نەریتێکی ڕۆژنامەوانی، نە بە(**بەش - بەش**) و نە وەکو (**بابەتی هەڵبژاردە**) بابەتمان بڵاونەکردۆتەوە، ئەگەر بەم جۆرەش بڵاومان بکردبووایەوە، ئەم پەیڕەوکردنە دەچووە خانەی دەرچوون لە ڕێنماییەکانی بڵاوکردنەوە لە گۆڤارەکەمان. بۆیە لەگەڵ یەکێك لە دەستەی نووسەران بڕیارماندا، وەکو کتێبێکی سەربەخۆ و وەکو بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی بڵاویبکەینەوە.

ئەمەیش لەبەر گرینگی بابەتەکە و ئەم هۆیەیە: بابەتەکە، چ لە باری ڕۆژنامەوانییەوە و چ لە دەرەتانی داڕشتن‌و ڕێنووسەوە، بە زمانێکی ڕەخنەیی بەرهەم هاتووە. لەگەڵ ئەمەیش پەیڕەوی میتۆدی ڕەخنەیی کردووەو لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیایی بەڕێوە چووە، پەیژە بە پەیژە سەرکەتووەتە ناو ئەزموونی شاعیرایەتی کەریم دەشتی‌و دواتریش ستوونی هاتۆتە خوارەوە، وەك ڕامانی دەق بە ناو جەستەی شیعرەکانیدا شۆڕبووەتەوە و پێویستییەکانی نووسینی دۆزیوەتەوەو لەبارێکی گونجاودا بەکاری بردووە. لەمەیش گرینگتر ئەوەیە: نەهاتووە پەلوپۆ بۆ زۆر لایەن درێژ بکات، لە هەندێك باری ڕەخنەییدا ئاراستەی میتۆدی دەستنیشان کردووەو هێڵەکانی نووسینی کێشاوەو یەك لایەنی گرتووەو هێڵی بەیانی نووسینی بەرز کردووەتەوە. ئەمیش دەنگە لە ئەزموونی بەرفراوانی شاعیری ناوبراودا. هەر دەستنیشانکردنی ئەم میتۆدەش وای کردووە، بەم شێوە میتۆدییە بگات بە دەستکەوتی نووسینێکی ئاوا سەرکەوتوو لە نێوان هونەرو ماناو بابەتدا . بەو هیوایەین نووسینی لەم ئاست‌و ئاراستەیە لە قەڵەمی شاعیرو توێژەر (**فازیل شەورۆ**) بە پیت‌و بە پیتتر بێت.

**د. ئازاد ئەحمەد مەحموود**
**جێگری سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی**
**سەرۆکی لێژنەی چاپکردن**
**٢٠١٢/١٠/١٠ هەولێر**




تۆ سەیر کە چۆن شاعیر کەوتۆتە ژێر کاریگەیی ( نەستەوە )، کە دەڵێ:

**"بە دیار قامیشەلآنەوە وەستاوم "**

( وەستان بەدیار شتێ )، لە کوردەواریدا ئاماژەیە بۆ بێدەسەلآتی و تێڕامانی بێئاکام و خۆ بەدەستەوەدان. شاعیر، سەربازێکی یەخسیرکراوە، بەدەستی لەشکری فیراق، هەموو هێز دەداتە بەرخۆی و دەیەوێ ماسولکەکانی گەرووی گرژتر کاتەوە بەڵکو بتوانێ دەنگە خەفەکراوەکانی نێو سینەی دەربڕێ. سەیرکە هانای بردووە بۆ ئەم واتایانە ( هەموو / هەر / هەموان / هێشتا / ناژەنن ) بەو ئومێدەی شتێ بە شتێ بکا و لە ئێسقانەکەی ناو گەرووی گیری خواردووە ڕزگاری بێ. ئەمە نموونەیێکی ڕەهەندە ڕاستەوخۆکانی دەنگە خەفەکراوەکانە، کە دەمێکە شاعیر پێی دەتلێتەوە و دەڵێ:

**وێنەکانت مەجازی خودایە**

**دەرگای گوزارشت لە زمانم دادەخەن.** (٦٥)

ئەمە بیانگەیە، شاعیر دەیەوێ بە دەستەواژەی ( مەجازی خود/ زمانم دادەخەن) قەناعەتمان پێ بێنێ، کە تەعبیرکردن لەم وێنانە لە توانای مرۆڤدانییە و موستەحیلە بە مەمانان بکرێ. ڕەخنەگر و پەیامگری وردبین تێدەگەن کە دەنگێکی خەفەکراو لە پشت یان لە ناو ئەم وشانەدا خۆیان مەلآس داوە.

لە کۆپلەی (٤٥) ی قەسیدەی " وردە گەلآ " لەدیوانی" پیانۆی ڕۆژهەلآت و ئەوانی تر" دا شاعیر دەڵێ:

بەلاّم مانایەکی گشتگیری بە (**شەقامەکان**) و (کوانوو) بەخشیوە. ئەوە هاواری مرۆڤە کوژراوەکانی شەقامەکانی دونیایە، کە مووچڕك بە لەشی پەیامگردا دەهێنێ و تراژیدیای ژیانی تازەی مرۆڤ نمایش دەکا دەنگی ناوەوەی سایکۆلۆژی ئەوان دەخاتە ڕوو کە دەنگی ( شکان و کوانووی برین و وردوخاش بوونی ئێسقان و هاواری ئینسانەکانە) ئەم هاوارە، هاوارە خنکاوەکەی دەروونی تۆیە کە مەتریالیزمی بێ مۆڕاڵی ڕۆحکوژ داگیری کردووە و چاوەڕێی غاندیێ دەکا مرۆڤەکان ئازاد بکاتەوە لە داگیرکەرانی ڕۆح." لە زەمەنی کاڵبوونەوەی بەها مرۆڤەکان و قەیرانە ڕۆحییەکاندا ڕەخنەی کوردی دەبێ بە ئاڕاستەیەك کاری بۆ بکرێت، کە دەقی کوردی جەخت لە جوانکردنی ژیان و ڕەواندنەوەی خەمی تاك و کۆ بکاتەوە."(١٣١)

دەنگە وروووژێنەرەکانی دەروون ←

- دەنگی شکانی ڕۆح
- ناڵە و نووزەی بریندااران
- زیڕەی وردکردنی ئێسقانەکان
- هاوار هاواری ئینسانەکان

( **ئەوەی وەك باران دەبارێ**) پاڕانەوەی شاعیرە، ڕووی دەمی لە خێرخوازان دەکا، بەڵکو هیمەتێ بکەن کارێ بکەن و خەم بارین و ئەشك بارین نەختێ کەم بکەنەوە !

**خۆشەویستی لە دەنگەکاندا** (**Love in the Sounds**)

خۆشەویستی وەك چەمکێکی ئاڵۆزاوی گیرخواردوو بە دەستی جیاوازییە کولتووری و ئایینییەکان، هەمیشە زاراوەیەکی عاسی بووە لە ناو بۆتەی پێناسەیەکی گشتگیردا. تەنانەت جەوهەری خۆشەویستی بابەتی بگرە و بەردە و تێڕامانی زۆر بووە. ئەوەی کە گومانی تێدا نییە، خۆشەویستی دژ بە ڕق و بوغز و دوژمنایەتییە. ئەو وەك واتایەکی موجەرەد بە قامتێ وشە ڕاڤەکراوە وەك: عیشق، ئەوین، حەز، دڵداری، سۆز، تاسە، مەیل، ویست....هتد، بەلاّم هیچیان لێوان لێو جێگەی خۆشەویستی ناگرنەوە.

# ناوەڕۆك


پێشەکی ٧

**تەوەری یەکەم:**

شتیٚ لەبارەی دەنگ (Sound phenomenon) ٩

- دەنگ چییە؟ ٩
- کام دەنگ؟ ١٣
- دەنگ لە زماندا. ١٤
- دەنگ لە ئەدەب و هونەردا. ١٧

**تەوەری دووەم:**

دەنگەکان لە شیعری "کەریم دەشتی" دا ١٩

(Sounds in Kareem Dashti s poems)

- دەنگی گەرووی شاعیر. ٢٢
- دەنگی زیندارەکان. ٣٠
- دەنگی بێزمانەکان. ٣٦
- دەنگە نەبیستراوەکان. ٣٩
- دەنگە خەفەکراوەکان. ٤٤
- دەنگی خودا. ٤٧
- دەنگی پرس. ٥٣
- دەنگدانەوەی دەنگەکان. ٥٦
- دەنگەکان لە بێدەنگیدا. ٥٩

**تەوەری سێیەم:**

ڕەهایی دەنگەکان (Sound Dimensions) ٦٣

- ڕەهەندی فەزای دەنگەکان. ٦٣
- ڕەهەندی تەمەنی دەنگەکان. ٦٥
- ڕەهەندی یادی دەنگەکان. ٦٧

**تەوەری چوارەم:**


بونیاد و ئیستاتیکای دەنگەکان

(The Structure & Aesthetics of the Sounds) ٧٠

**تەوەری پێنچەم:**

سایکۆلۆژیای دەنگەکان (Psychology of Sounds) ٧٨

- مرۆڤایەتی لە دەنگەکاندا. ٧٩
- خۆشەویستی لە دەنگەکاندا. ٨٠
- نائومێدی لە دەنگیەکاندا. ٨٤



- (فازیل شەوڕۆ) لە شاری (کۆیە) لە ساڵی (١٩٥١) لـە دایکبووە.
- (١٩٧٥) بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی ئینگلیـزی لـە کۆلێـژی ئـاداب - بەغدا- وەرگرتووە.
- (١٩٧٢) یەکەم شیعری لە رۆژنامەی (هاوکاری) بڵاوکردووەتەوە.
- (١٩٨٢ - ١٩٩١) هەشـت پێشـەنگای هونـەری و فۆلکلـۆری لـە شـارەکانی کوردسـتانی باشوور کردووەتەوە.
- (٢٠٠٢) خـەڵاتی شـانۆگەری (شـەهید)ی لـە شـاری (سـرتی) وڵاتـی (لیبیـا) پـێ بەخشرا.
- (٢٠٠٤) خەڵاتی شاری (دبلن) ی خزمەتگوزاری لە وڵاتی (ئایرلەندا) پێ بەخشرا.
- (٢٠١٠) خەڵاتی (سەید برایمی) پێ بەخشرا.
- (٢٠١١) خەڵاتی پەروەردەی کۆیەی وەرگرت.
- (٢٠١٢) خەڵاتی (فیستیڤاڵی شیعری نەتەوەی کورد)ی لە هەولێر پێ بەخشرا.
- ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە.
- ئەندامی بنکەی رووناکبیری گەلاوێژە.
- (٢٠١١) (کۆترێك لە ئاگر) کۆمەڵە شیعر.
- چالاکە لە بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوە و نووسین و سیمینار پێشکێشکردن لـەبارەی ئەدەب و پەروەردە و کۆمەڵناسی.
- ئێستا لە وڵاتی (ئایرلەندا) دەژی.